# نازانم هەست دەکەیت یان نا
# کە چ تایەکی گەرممە!

دلاوەر قەرەداغی

یاری دەکەم
لەنێوان نووسینی دێڕێک و تەماشاکردنی خۆم
لە ئاوێنەکەی تۆدا ... ئەی هەنار
تاریک دادێم
بە لێزمە ... ڕەنگێکی تر دادەنێم
بە پڕتاو .... هێڵێکی تر دەکێشم
بە هەڵەکانی ئاوێنەدا دەچمەوە
نوقسانییەکانی پیریی لای خۆم یاداشت دەکەم
بە خاڵ ... باشییەکانی منداڵیی دەنووسم
ورد تر دەنۆڕم
تۆ دێیت
دەست دەنێیتە سەر مەچەکم
سەر دەخەیتە سەر سینگم
چاو دەنووقێنیت و
بە پەنجە دەکەویتە ژماردنی شتێک!

ئەی هەنار
تۆ بڕژێ و من گوێت لێدەگرم
تۆ بچۆ بەر ئاوێنە و
من نیشتمان تێکدەدەمەوە
تا تۆ قژێک دادێنیت
من نیشتیمان پڕ دەکەم لە پژان
تا تۆ ئینجانەکە ئاو دەدەیت
من نیشتمان پڕ دەکەم لە ڕژان
تا تۆ قاوەکەت دەخۆیتەوە
من نیشتیمان
ڕۆدەنێمەوە بە باران!

**لەئاوێنەکەی تۆدا جۆرێکی ترم**
**هەمیشە لە ئاوێنەکەی تۆدا**
**لە سەفەرم و تازەکی دەگەم**
**هەمیشە قسەیەکم پێیە دەتخاتە قاقای پێکەنین**
**یەکسەر بەرەو لای قاوەجۆشەکە دەچم و**
**ئەو قاوەیە لێدەنێم**
**کە تایبەت لە هیندستانەوە هێناومە،**
**تا پێکەوە دوو کوپی لێ بخۆینەوە**
**پەیکەری هەژدیهایەکی گچکەم پێیە**
**بۆ سەر تاقی کتێبەکان**
**کە لەسەفەرەکەی ئەمجارەما**
**لەژنێکی میهرەبانی بوزیم کڕیوە لە بۆرما**
**بەڵام نازانم هەست دەکەیت یان نا**
**کە دڵم لێوانلێوی غەمە**
**نازانم هەستدەکەیت یان نا**
**کە بۆنی مەعبەدێکم لێدێت دوور**
**بۆنی ئیمانم لێدێت**
**بۆنی پاکبوونەوە**
**لە گوناهگەلێکی دوور ...**
**دوور**
**دوور**

**هەمیشە کە دەمبینیت نەوعێکم**
**چەماومەتەوە لەژێر باراندا**
**هێند بە پێ ڕۆیشتووم**
**بۆنی جاددەم لێدێت ... بۆنی دارکاج**
**چاوانم پڕن لە شەوقی گڵۆپ**
**خەیاڵم لە شوێنێکی ترە**
**نازانم هەستدەکەیت یان نا**
**هەمیشە کە دەست لەدەستمەوە دەدەیت**
**تایەکی بێئەندازە گەرممە**
**دڵم خواروخێچ لێدەدا**
**لە پەرۆشیدا**

**توند توند ئامێزم پێدادەکەیت**
**بەڵام نازانم هەست دەکەیت یان نا**
**کە چەند دڵم تەنگە**
**کە چ لەرزێکم لێهاتووە**
**کە**
**زۆر**
**زۆر**
**زۆر**
**گۆشەگیر و تەنیام**

**نیشتیمان ڕۆدەنێمەوە بە بۆیەی ئاویی**
**ئیتر وایە هەنار**
**قەدەر وایە کە دەبێ هەرجارە و**
**ئەم نیشتیمانە عەجایبە بەشتێک ڕۆ بنێینەوە**
**جارێک بە قوڕ**
**جارێک بە سەرەسۆدە**
**جارێک بە کودەتا**
**جارێک بە قسنی سەر گۆڕی پیاوچاکان**
**جارێک بە زەنگیانە**
**جارێک بە هەڵم**
**جارێک بە گوللە**
**جارێک بە لم**
**بەڵام بەوەشەوە نائومێد نین**
**ئێمە گەمە دەکەین**
**ئێمە منداڵانی گەمەین**
**حەزمان لە تێکدانەوەی دونیایە**
**حەزمان لە زرمەی وردوخاشبوونی شووشەکانە**
**لە شکاندنی سەری ڕووتاوەی نیشتیمان**
**ئاخر چ بکەین**
**ئێمە منداڵانی بەرزاییە دوورەکانین**
**منداڵانی تینوێتیین**
**منداڵانی شارانی بێ وەفا!**

**لە ئاوێنەکەتا دەستم دەگریت .... هەنار**

**نازانم هەستدەکەیت پەشیمانم یان نا**
**بەڵام دڵم نایەت**
**شتێک هەیە بیڵێم**
**شەرم دەکەم**
**ئیعتیرافێک هەیە بیکەم**
**میهرەبانانە دێیتە ژێر باڵم**
**بە چرپە دەڵێیت**
**شتێک هەیە حەز ناکەم بیڵێیت**
**ئیعتیرافێک هەیە ... بەو خودا گەورەیە**
**دڵگیر دەبم بیکەیت**
**دەمبەیت و**
**بە ناو وردە شووشەدا دەڕۆین**
**هەموو پێوپلمان دەبێتە خوێن**
**لەترسا**
**بە ڕووتی**
**بەو هەموو نهێنییەوە**
**لەو ئاوێنە درز تێبووەدا**
**دەنووین!**

**لەبێتاقەتیی خۆمدا**
**نیشتیمان ڕۆ دەنێمەوە .... لە سەراب**
**زۆر شت هەیە پێکەوە بیکەین ... هەنار**
**زۆر شت**
**زۆر شت**
**زۆر شت**
**تۆ دەکرێت ڕوناکییم بدەیتە دەست**
**یارمەتیم بدەیت لە سەرخستنی تۆپەڵە باران**
**بە پەیژەکانا**
**دەکرێت کۆمەکم بکەیت**
**لە گرتنەوەی جەبلەی شەفەق**
**لە بنکاشی کردنی نێوان کوژران و کوژرانێکی تر**
**بە تریفە**
**لەناوکارکردنی تەنیایی**
**بە عەتر**
**دەکرێت لەخوارەوە لەتە با و**

**تەڵاشە هەورم بۆ هەڵدەیت**
**دەکرێت کۆمەکم کەیت لە بەفرکاریی کردنی کۆڵەگەکان**
**بە عیشق**
**لە سواخدانی دیوی ئەودیوی ژوورەکانی نووستن**
**بە سکوت**
**لە ئاورشێنکردنی برینە تەڕەکان**
**بە موزیک**
**تا تۆ قاوەکەت تەواو دەکەیت**
**من نیشتیمان دەهۆنمەوە بە مورووو**
**چەند ساتێکی کەممان لەم ئاوێنەیەدا ماوە**
**هەنار**
**زۆر شت هەیە دەبێ پیایدا ڕاگەین،**
**پێکەوە بیکەین**
**ئۆف خودایە**
**زۆر شت ...**
**زۆر شت**
**زۆر شت!**

**سەرەتای 2006**